# به یانییێکی خراپ

جەلال بەرزنجی
ckfa_barzanji@hotmail.com

نامەكەم ,
پێش مردنی هاوڕێكەم گەیشتبوو,
بەیانیەكی خراپ بوو,
خۆر وەك رۆژان , بەروتی نە هاتەژوورەكەم
با وەك جاران ,
لای نەدایە لای شەوبۆیەكی گۆشەی
باخچەكەمان وكەمێك لە قەدیا بخەوێ
بەیانیەكی خراپ بوو,
خەونێكی داگیركراوم لای باران
دوای ئازد بوونیشی,
نەهاتەچا یخانەولە گەڵما زیندووی بنوێنێ
بەیانیەكی خراپ بوو,
هەر دەتووت تەونی جاڵجاڵۆكەیەو,
لە ئەنفال جێ ماوە!
بەیانیەكی ناخۆش بوو,
قاوەكەم پێ تەواو نەكرا
سیگارەكەم پێ نەكێشرا

بەیانیەكە هەردەتووت بۆ بردنی
مەرگێك هاتووە چیتر نا
هەر دەتگووت هاتووە ,
بێ تاقەتی بخاتە باخەڵمان وبڕوات
ئەم بەیانیە ,
نەمتوانی تەماشای بەربوونەوەی كەس بكەم
بەیانیەكی خراپ بوو,
بێ راهێنان لە سەر دەست لێك بەردان,
بێ رازی بوون بە روخانی خۆی
بێ دڵنیایی,

له جیاتی (نان) مردنی به کۆڵانه‌کاندا ده‌گێڕا
به‌یانیه‌کی خراپ بوو,
منداڵه‌کان,
فریای کۆکردنه‌وه‌ی هێلکه‌ی ,
بن دیواره‌کان نه‌که‌وتن.
گیا که‌شخه‌ی جارانی پێ لێ نه‌درا
(تارا) گوڵی خۆشه‌ویستی پێ نه‌درایه ,
دۆسته‌که‌ی ,
(تارا) فریای ئارایشت کردن زیپکه‌کانی رووی
نه‌که‌وت,
زینده‌گی له بیر ده‌رنه‌هێنا
خۆی بۆ ئاهه‌نگی ساڵرۆژی بیست وحه وته‌مین ,
ساڵه‌ی پێی رێك نه‌خرا !
ئه‌و به‌یانیه زۆر خراپ بوو,
په پووله‌کانی سه‌رکراسی(تارا) فڕینه‌وه ده‌ربه‌ند
ره‌نگه‌کان چوونه‌وه تاریکی
راستیه‌کان بوونه‌وه وه‌هم
به‌یانیه‌کی خراپ بوو,
هه‌وێرده‌کان له خه‌و هه‌ڵنه‌ستان
ئاو فرۆشێك نه‌هاته سه‌ر شه‌قام و
په‌رداخێك ئاوی لێ بکڕم
به‌یانیه‌کی خراپ بوو,
سروه,
بۆنی بن باخه‌ڵی ژنێکی نه‌هێنایه دواوه‌ی( پاس )
شتێك ره‌نگی به‌یانی نه‌گرت
زۆر سه‌یر بوو,
هه‌ر ده‌تگووت دنیا کاول ده‌بێت
نه‌مزانی به‌یانیه‌که بۆ خۆی وابوو
یا به‌ختی من بوو,
وا به خه‌مباری بێته به‌ر چاو!

بەیانیەکی خراپ بوو,
یەکەم جاربوو دەستم قەڵم نەگرێ,
ئاگرم پێ نە کرێتەوە
ددانەکانم پێ نەشۆردرا,
فریا نەکەوتم ,
بەیانی باش لە کەس بکەم
فریا نەکەوتم ,
ریحانە میراتیەکانی دایکم ئاو دەم
شوێنی ئینجانەکان بگۆڕم
فریا نەکەوتم,
بە خەونی دوێنی شەومدا بچمەوە
فریا نەکەوتم ,
لاپەڕەی رۆژ ژمێرەکەم ئاودیو کەم
فریا نەکەوتم ,
قەڵقەڵاشکە پایزیەکان لە ریشم بکەمەوە
فریا نەکەوتم ,
منداڵیم بخەمە ناو جانتای سەفەرم و بیهێنە
(کەنەدا)
تا ئێواران دڵم بداتەوە!
فریا نەکەوتم ,
پێت بڵیم با ئەو بەیانیە پێکەوە بمرین!
لە ژێر ئەو پردە بمرین,
کەدەمان باتەوەئەوێندەر,
بۆ سەیر کردنی هەنارێك,
کە پڕە لە بەڕەڵابوون
پڕە لەو تەیرانەی لایان ئاسانە,
زەریای ئەتلەسی ببڕن !
ئەو بەیانیە ,
تەنیا مردن بە قەبارەی خۆی دیاربوو!
ئەو بەیانیە رەزەکان رەوشن نەبوون ,


وەك جاران,
ئەو بەيانيە,
مەمكی (تارا)
و
شەرابەكەی
من
نەگەیین!
لەژيانمدا,
بەيانی واخراپم نەبينيبوو,
بێ پێشەكی,
بێ ئاوڕدانەوەلە بەختی بەفيڕۆچووی
(تارا)
و
بە جێهێشتنی ئاوابوون
بڕوات
و
بڵێ:
ئەو بەيانيە خراپ نەبوو بۆ هەمووان

كەنەدا2002